# عەرەبەکان بەلۆژیکی بەعسیانە دژایەتی کوردستانیان دەکەن

لە دوای روخانی رژێمی بەعس، هێزە عەرەبییەکان لە بەرانبەر پێشهاتو رووداوەکاندا نەرمییان پێشان دا. بەوهۆیەوە کورد و هێزە سیاسیەکانی پێیانوابوو کە ئیدی لۆژیکی بەعسیانە و رەگەزپەرستانە لەگەڵ دارمانی رژێمی بەعس هەڵتەکاوەو جارێکی دیکە سەر هەڵناداتەوە، بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەحەوت ساڵ بەسەر روخانی سەدام، دەبینین کە لۆژیکی بەعس لە بەرگێکی دیکە خۆی نۆژەن کردۆتەوە، ئێستا دژایەتی کردنی ئەوان بۆ کوردستانیان بە زەقی پیرۆدەکرێ، بەتایبەتیش لە بارەی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140. لەو رۆژانی رابردوو عەرەبەکانی کەرکوک سەردانی رائید فەهمی، سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی 140یان کردبوو، ئەو پێیگوتبوون کە بە بڕیارێکی نوێ، بڕیاری پێشوی خۆی سەبارەت بە گۆڕینی ناوی چەند قەزاو ناحیەیێکی سەر بە پارێزگای کەرکوک هەڵوەشاندۆتەوە. ئەوەش واتای ئەوەیە کە سیاسەتی بە عەرەبکردن لەجێی خۆی دایە.

لە رۆژانی رابردوو، رۆژنامەی حەیات لە زاری محەمەد خەلیل، سەرۆکی کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاشکرای کردوە کە رائید فەهمی، سەرۆکی لیژنەی مادەی 140 نوسراوێکی رەسمی ئاراستەی پارێزگای کەرکوک کردوە و یارەکەی پێشوتری پوچەڵ کردۆتەوە کە بۆ گێڕانەوەی ناوی دێرینی چەند شوێنێک درابوو.

پێشتر لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی 140 بەپێی بڕیارێک کە ئاراستەی ئیدارەی پارێزگای کەرکوکی کردبو، داوایکردبو بەشێوەیەکی رەسمی ناوی شارۆچکەی (ئاڵتون کۆپری) بۆ (پردێ) و شارۆچکەی (رەبیع) بۆ قەرەهەنجیر و قەزای (دبس)یش بۆ دوبز بگێڕدرێتەوە. کەچی سەرۆکی کوتلەی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئاشکرای کردوە کە ئەو بڕیارە هەڵوەشاوەتەوەو هەر ناوەکانی پێشوو دەمێننەوە، واتە ئەو ناوانە کاریان پێدەکرێ کە بەعس دایناببوون.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردوە کە لە ماوەی رابردوو دەیان هەزار کورد لە گوندو ناحیەکانی پارێزگای دیالە ناچار کراون تا زێدی باب و باپیرانیان جێبهێڵن و بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم رێبگرن.

دیارە لەگەڵ سیاسەتی خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140، چەند پلانێکی دیکەش بە شاراوەیی سیناریۆیان بۆ کشراوەو ئێستا بە دەرکردنی کورد لە پارێزگای دیالە بەدیار کەوتووە. وێڕای ئەوانەش چەندین پیلانی دیکە داڕێژراوەو لە داهاتودا پێڕۆ دەکرێ.

هەڵبەت دوای روخانی سەدام، سەرکردایەتی کورد و هێزە سیاسیەکان زۆر بە گەرمی و پەرۆشانە بۆ دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ هەنگاویان هەڵێنایەوە، چونکە پێیانوابوو کە ئیدی




دەمارگیری و رەگەزپەرستی کۆتا بووەو عەرەبەکان بۆی ناگەڕێنەوە، واتە هەستیان بەو مەترسیە گەورەیە نەکردبوو کە خۆی لە ناخ و دەروونی سەرکردەی هێزە عەرەبییەکان حەشار دابوو. ئەوەتا بە تێپەڕبوونی کات، مەترسیەکە هەستی پێدەکرێ و هەڕەشەکانیش بە ئاشکرا چاویان زەق دەکەنەوە. سەرکردەی هێزە عەرەبیەکان بە خشکەیی مەرامەکانی خۆیان بە شێوەی گوشار لەسەر کوردستانیان جێبەجێ کردوە.

ئەگەر سەرنج لە قۆناغەکانی ماددەی سەدوچل بدەین، کە خۆی لە ئاسایکردنەوە بۆ سەرژمێری لەوێشەوە بۆ راپرسی دەبینێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە سەرکردەی هێزە عەرەبییەکان یاری چاوشارکێیان لەگەڵ کورد بەردەوام کردوە و ئێستاش قۆناغە ترسناکەکە وەدیار کەوتووە.

ئەگەرچی مێدیاکان وەک پێویست خۆیان لە قەرەی ئەو کێشەیە نادەن و باسی ناکەن، بەڵام نیشتمانپەروەران هەستی پێدەکەن و دەیبینن .

سەرکردەی هێزە عەرەبیەکان زۆر چاک یاریان لەنێو هاوکێشەی تورکیا، ئەمریکا، ئێران و وڵاتانی عەرەبیدا کردوە، بەوهۆیەشەوە سەرنجی ئەوانیان راکێشاوەو وایان کردوە کە هەر هەموویان پشت لە داخوازی کوردستانیان بکەن و لاگیری لە داخوازی عەرەبەکان بکەن.

سەرکردەی هێزە عەرەبیەکان توانیویانە خواستەکانی رەگەزپەرستان بەجێ بهێنن، هەم خۆیان لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 نەبان کردوە ، هەم سیاسەتی ئاوارەکردن و راماڵینی کوردانیان درێژە پێداوە هەمیش رێگەیان نەداوە کە عەرەبەکان زەوی زارە داگیرکراوەکان بۆ کوردەکان بگێڕنەوە یان پێیانبفرۆشنەوە. تا کار گەیشتە ئەوەی کە سەرژمێری گشتی دوا بخەن و هەوڵی لابردنی خانەی نەتەوەش لە فۆرمی سەرژمێری گشتی بدەن.

زانیاریەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە هەم دەوڵەمەندانی عەرەب و هەمیش هەندێک سەرکردەی عەرەب زۆر شێلگیرانە کار بۆ ئەوە دەکەن کە زەوی و خانوو لە کوردان بکڕنەوە و لەسەر ناوی عەرەبەکان تۆماری بکەن.

هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا بە کڕینی زەوی و خانوو پێشینەی لە کوردستان و لە وڵاتانی دیکەشدا هەیە، جاران یەهودیەکان هەوڵیان دەدا کە موڵکی عەرەبەکانی فەلەستین بکڕن، بەڵام دواتر فتوایێک دەرچوو، ئەو فرۆشتنەی حەرام راگەیاند. ئێستاش هاوکێشەکە پێچەوانە شکاوەتەوە، ئێستا پیاوانی ئایینی یەهودی فتوا دەردەکەن و فرۆشتنی زەوی و خانوو بە موسڵمانان بە حەرام داناوە.

ئەمرۆ رەگەزپەرستان زۆر سەرسەختانە کار دەکەن تا زەوی و موڵک و خانووی کوردان بەدەست بهێنن، بەڵام هەرگیز پیاوانی ئایینی کوردستان فتوایێکیان دەرنەکرد کە فرۆشتنی زەوی بە غەیرە بە حەرام بناسێنێ.

ئەگەر جاران سەرانی رژێمی بەعس بە هێز و چەک سیاسەتی بەعەرەبکردنیان درێژە پێدەدا و جیهانی بەرژەوەندخوازیش چاوی خۆی لێ داخستبوو، بێدەنگیان هەڵبژاردبوو، بەڵام ئێستا عەرەبەکان بە خشکەیی سیاسەتی بەعەرەبکردن درێژە پێدەدەن و خۆشمان هاودەستیان لەگەڵدا دەکەین، کەواتە کاتی ئەوە هاتووە کە بە پارێزەوە کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە عەرەبییەکان ئەنجام بدرێ، واتە ئیدی نابێ سەرکردایەتی کوردستان هەروا بێمەرج وبێشەرت هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە عەرەبییەکان پێکبهێنرێ و رەوایەتی بە حکومەتێک بدرێ کە داخوازی کوردستانیان نەسەلمێنێ و بەڵێنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 نەدات.



**سەردار محەمەد**

# مالکی دەستەڵات مسۆگەر دەکاتەوە



سەرچاوەکانی هەواڵ لە زاری نوری مالکی سەرکردەی ئیئتلافی دەوڵەتی یاساو چەند سەرکردەیێکی ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی ئاشکرایان کردوە کە ئیدی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ نوری مالکی یەکلایی بۆتەوەو بە کردەوەش لیستی ئەلعێراقیە دەستبەرداری پۆستی سەرۆکوەزیران بووەو ئێستا لەهەوڵی ئەوەدایە کە کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دیاری بکات.

ئەم هەواڵە لە کاتێکدایە کە دادگەی دەستووری دانیشتنی کراوەی پەرلەمانی رەتکردۆتەوەو لێیخواستوون کە لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆببنەوەو سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار هەڵبژێرن، بەوهۆیەشەوە دەبێ کاندید بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران دەستنیشان کرابێ.

هەوڵەکانی ئەو دواییانەی خودی نوری مالکی بۆ مسۆگەرکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران و گەشتە بەردەوامەکانی بۆ وڵاتانی دراوسێ، لەبەرژەوەندی ئیئتلافی دەوڵەتی یاساو خودی نوری مالکی تەواو بوون، بۆیە ئێستا ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق کە عادل عەبدولمەهدی بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتبوو، هاوکاری لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیەشدا کردبوو، پێیوایە کە نوری مالکی لەنێو پەرلەماندا دەنگی پێویست مسۆگەر ناکات و دەرگە بۆ کاندیدەکەی ئەوان دەکرێتەوە.

هەواڵی مسۆگەرکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن نوری مالکی لەکاتێکدا بوو کە هەواڵەکان رایانگەیاندبوو کە هەریەکە لە لیستی ئەلعێراقیەو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان راگەیاندبوو کە ئەوان لە حکومەتێکدا بەشداری ناکەن کە ئەگەر نوری مالکی پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێتەوە. هەروەها فراکسیۆنی کوردستانی داوای کردبوو کە دەستەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کەم بکرێتەوە، هەواڵی مسۆگەرکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران لەکاتێکدایە کە وتەبێژی کۆشکی سپی ئەو هەواڵانەی رەتکردۆتەوە کە باسیان لە هاودەنگی و هاوڕایی ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە سپاردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران بە نورکی مالکی دەکرد.

ئێستا کە هەواڵەکان باس لە پاشەکشەی لیستی ئەلعێراقیە دەکەن و نوری مالکی بەبراوە دەناسێنن، دەبێ بە پارێزەوە رەفتار لەگەڵ رووداوەکاندا بکەین، چونکە کوردستانیان ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ نوری مالکی و دەستەڵاتەکەیدا هەیە، هەروەها دەیانجار سەرکردەکانی کوردستان رایانگەیاندوە کە ئیدی متمانە بە نوری مالکی ناکەن و باوەڕیان پێی نەماوەو بەو باوەڕە گەیشتوون کە ئەگەر پۆستی سەرۆکوەزیران مسۆگەربکاتەوە، بەڵێن و پەیمانەکانی خۆی جێبەجێ ناکات و هەوڵی راستین بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 و بەڕێوەبردنی راپرسی نادات.

هەرچەندە لە رۆژانی رابردوودا دەیانجار سەرکردەکانی ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی جەختیان کردبۆوە کە نوری مالکی و دەوڵەتی یاسا لەهەموو لیست و ئیئتلافەکانی دیکە نێزیکترن و لەهەموانیش زیاتر پێشمەرجەکانی فراکسیۆنی کوردستانی پەسند دەکات، بەڵام باوەڕ نەدەکرا ئاوا بە خێرایی پشت لە داواکانی ئەلعێراقیەو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بکات، چونکە هەریەکە لە ئەیاد عەلاوی و عەممار ئەلحەکیم پێوەندییێکی توندوتۆڵیان لەگەڵ سەرکۆمارو سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەتایبەتیش وا باسدەکرا کە ئەیاد عەلاوی و رێزدار مەسعود بارزانی بەڵێنیان بەیەکتری داوەو بەبێ یەکتر بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتدا ناکەن.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە هەرکێ پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێ، داخوازیەکانی کورد جێبەجێ ناکات و خۆی لێدەدزێتەوە، بۆیە مەرجدانان و گرەوکردن بەزیانی کوردستانیان تەواو دەبێ، ناشتواندرێ باوەڕ بە هیچ کەس لەو سەکردە عەرەبانەی ئێستادا بکرێ، چونکە هەر هەموویان بە دەوڵەتێکی دەرەکی گرێدراون، بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی کە بێپسانەوە بۆ بچووک کردنەوەی ئازادی و مافەکانی گەلی کوردستان کار دەکەن.

**سەربەست کانەبی**

# ئوسامە نوجەیفی: کورد ماددەی 140 و پرسی کەرکوک دوادەخات

ئوسامە نوجەیفی، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی ئەلعێراقییە کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، بە مێدیاکانی راگەیاندوە کە هەموو خاڵە ناکۆکییەکانی نێوان لیستی عێراقییە و کورد بەتایبەت مادەی 140 و کەرکووک بۆ کاتێکی دواخستووە.

ئوسامە ئاشکرای کردوە کە سەردانەکەی شاندی لیستی ئەلعێراقییە بۆ هەرێمی کوردستان، سەردانێکی ئاشتەواییە و کۆبوونەوەی شاندەکەش لەگەڵ مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاسایی بووە، بەتایبەت دوای قۆناخێکی ناکۆکی و پچڕاندنی پەیوەندی نێوانیان بووە.

نجێفی گوتویەتی: راستە مالیکی رەزامەندیی لەسەر هەموو شتێک کردووە، بەڵام کوردەکان متمانەیان بەبەڵێنەکانی مالیکی نییە، هەروەها کورد دەیانەوێ لەگەڵ لایەنی پێوەندیدار و خاوەن زەویی رێککەوتن ئیمزا بکات، بەتایبەت لەبارەی پرسی ناوچە جێناکۆکان کە لیستی عێراقییە لە رێگەی ئەندامەکانییەوە لەو ناوچانە دەست رۆیشتووە.

جێی ئاماژەیە کە رۆژی 26-10-2010 شاندێکی باڵای لیستی ئەلعێراقییە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی و ئەندامێتی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی لیستەکە کە پێکهاتبوون لە ئوسامە نجێفی، رافع ئەلعیساوی، ساڵح ئەلموتڵەگ، جەمال ئەلکەربولی، راسم ئەلعوادی، عەجیل ئەلیاوەر، حوسێن شەعلان، محەمەد عەلاوی و تۆفیق عەباوی



سەردانی هەریمێ کوردستانیان کردبوو، لەگەڵ رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی کۆببوونەوە، واشراگەیاندرابوو کە هەردوو رێککەوتن و بڕیاریان داوە بەبێ یەکتر بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتدا نەکەن.

ئەگەرچی زۆر متمانە بە قسەو لێدوانەکانی ئوسامە نوجەیفی ناکرێ، چونکە بۆخۆی وەک ناحەزێکی کوردستانیان دەناسرێ، بەڵام تا ئێستا لایەنی کوردی قسەکانی ئەوی بە درۆ نەخستۆتەوە، بۆیە ئەگەر راست بێ و سەرکردایەتی کوردستان جارێ بۆ مەبەستی پێکهێنانی حکومەت نەرمی نواندێ و ئامادەیی خۆی پێشاندابێ کە ماددەی 140 و پرسی کەرکوک بۆ کارتێکی دیکە دوابخات، تەواو پێچەوانەی ئەو پرنسپانەیە کە پێشتر بۆ خۆی دایڕشتبوو، جێبەجێکردنی ماددەی 140ی کردبوو بە پێشەرج بۆ بەشداریکردن لەهەر حکومەتێکدا.

چاودێران پێیانوایە کە ئەگەر کورد ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە ماددەی 140 بۆ کاتێکی دیکە دواخستبێ، واتای ئەوەیە کە هێزە دەرەکیەکان گوشاری بەهێزیان بۆ سەر کورد هەیە، ئەوانیش لەبەرانبەر هەندێ پۆستدا ئەو نەرمیە دەنوێنن و ناشیانەوێ ئۆباڵی پێکنەهێنانی حکومەت نەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، چونکە ناکۆکی و ململانێی نێوان دەوڵەتی یاساو ئەلعێراقیە راشکاوانەتر خۆی نواندوەو روونتر هەستی پێدەکرێ، ئەوەش وا دەکات کە نوری مالکی و ئەیاد عەلاوی نەتوانن پێکەوە بەشداری لە حکومەت دا بکەن، چونکە هەم نوری مالکی پەسند ناکات کە ئەیاد عەلاوی پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێ، هەمیش ئەیاد عەلاوی دەیان جار رایگەیاندوە کە ئەوان بەشداری لە حکومەتێکدا ناکەن کە نوری مالکی سەرۆکی بێت، کەواتە هاوکێشەکە لە دەستی کورد چڕبۆتەوە، بۆیە هیچ پێویست ناکات کە لەبەرانبەر ماددەی 140 و پرسی کەرکوک نەرمی بنوێندرێت.

**ئەمین سورچی**